# شێركۆ بێكەس

# و

# "فڕین بە ئاسمانێكی جیاوازدا"



دیمەنێك لەفیلمەكە

"فـڕین بـەئاسمانێكی جیـاوازدا" فیلمێكـی دیكۆمێنتیەلـە سـەر ژیـانی ئـەدەبی و سیاسـی شێركۆبێكەسـی شـاعیر ، ئـەم فیلمـە لەلایـەن ستافێكی ئەوروپییـەوە كـاری مۆنتاژووێنـەگری و میكساجی بۆكراوەو" سیروان ڕەحیم "یش كاری دەرهێنانی بۆفیلمە دیكۆمێنتیەكە كردووەو ماوەی فیلمەكـەش "80خولـەك" ەو وەك ئێمـە ئاگاداریین مـادەی خـامی ئـەم فیلمـە زۆرە لـەوە زیاتروێنـەی گـیراوەو دەرهێنـەر تەنهائەمەنـدەی بۆئـەم فیلمـە هەڵبـژاردوە، بەشـێوەیەكی گـشتی ئـەم فیلمـە ڕیتمێكـی تایبـەت بـوو لـەژیانی شاعیر، هـەروەك سیروان ڕەحیم خۆشی ئامـاژەی پێدا ئـەم فیلمـە بۆبینەری ئەوروپی سازكراوەوبڕیارە بۆسەرچەند زمـــانێكی زینـــدو وەربگێڕێـــت و لەچـــەند ڤیستیڤاڵێكیشدالەدەرەوەی وڵات نمایش بكرێت..

ئیشكردن لە فیلمی دیكۆمێنتیدا بە پلەی یەكەم پێویستی بە ئەرشیف و وێنەیەكی دەوڵەمەند هەیە كە بەداخەوە ئێمەی كورد لـەم بوارەدا زۆر هـەژارین، هەربۆیە زۆرجار ئەم فیلمە دیكۆمێنتیەش ڕووبەڕوی ئەو هەڵەیەدەبوویەوە كە وێنـەی ئەرشیفی كـەم بـوو، هەرچەندە چەند فۆتۆیەكی كۆن و چـەند وێنەیەكی كۆڕەشـیعریەكانی شـاعیری لەشـاخ تێـدابوو، بـەڵام ئەمــە تــەنها بــەس نیــە بــۆفیلمێكی دیكــۆمێنتی بەتایبــەتیش بۆهەڵبــژاردنی كەسـایەتیەكی دیـاری ئـەدەبی، چـونكە هەموئـەم شـتانەی لـەو فیلمـەدا ئێمەبینیمان هیچ شتێكی تازەی تێدانەبوو كەپێشتر لەسـەر ئـەم شـاعیرە نـەمازانیبێت، جگـە لەهەنـدێ چـركەی ژیـانی منـداڵی شـاعیر، بـەڵام دەرهێنـەر موبـەڕیڕی ئەمـەی بـەوە دەهێنایـەوە كەئـەم فیلمـە بۆبینـەرێكی ئـەوروپی سـازكراوە بۆئـەوەی ئـەوان بزانن كوردیش ئەمەی هەیە، بەڵام هەرچۆنێك هەبوو هەندێ هەڵوێستی مێژویی و هەندێ سوچ و لایەنی گەورەو گرنگی ئەم شاعیرە هـەبوو دەبایە دەرهێنـەر ئیـشی لەسـەربكردایە، ئەگـەر ئەمانـەی بكردایـە بەدڵنیاییەوە ئیشەكە زۆرجوانترو پڕتر دەبوو..

ئەمەجگـە لـەو گەڕانەوەیـە بۆسروشـت كـە لەئەساســـەوە لـــە ئیحـــای شـــیعرەكانی شێركۆبێكەســـەوە وەرگیرابــوو، كەئــەم شــاعیرە سروشـــت پێگەیـــەكی بـــەهێزی لەشـــیعرەكانیدا داگیركـردووەو بـەبێ سروشت ڕەنگـە ئاسـان نـەبێت قسەلەئەزمونی شـیعری ئـەو بكـەین، ئەمەجگـە لەهەنـدی گـرێ و قـوفڵی فیلمەكـە بەتایبـەتی ئـەو حاڵـەتی شیعرنوسینە لای شاعیر حاڵـەتێكی تـەواو هونەرییانـەبوو كەبویـە كۆتـا ڕسـتەی فیلمەكـە، ئـەویش ڕەنگـە لای زۆرشـاعیر چـركەی نوسـینی شیعر نزیـك بێـت لەچركەی ژانگـرتن و مەرگـەوە، بەتایبـەتی ئـەو ڕاڕایـی و قەلەقیـەی كـە بەقەڵـەم و لاپەڕەكـەی بەردەسـی دەیكـرد لەپێناونوسـینی شیعرێكدا ..

# ڕەسەنایەتی
# لەگۆرانی و موزیکی کوردیدا



تاهیر
تۆفیق



شەجەریان

کاتێك گوێبیستی گۆرانیەك یان موزیکێك دەبین هەرلە کۆنەوە بە پێوەری ڕەسەنایەتی هەڵیدەسەنگێنین ، بەجۆرێك هەروەکو زاراوە زانستیەکانی موزیك ووشەی (ڕەسەن بەکاردەهێنین) کە بێگومان زۆربەی جارەکان بۆ بەرهەمێکی جوان یان خۆش کە ئەمە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی دی دەگۆڕێت ، ووشەی ڕەسەن بەکار هاتووە .

ئەم ووشەیە لە زۆر بوار و پیشە و تەنانەت وەکو پێوەرێکی ئایینی و کۆمەڵایەتیش کاری پێکراوە ، ووشەیەکی زۆرکۆنەو لە باوو باپیرانمانەوە ماوەتەوە و ئەتوانین ئەژماری بکەین بە ووشەیەکی کەلەپووریی ، هەڵبەتە کەلەپورێکی گشتی چونکە میللەتانی دنیاش ئەم ووشەیە بەکاردەهێنن وەکو کۆمەڵێك سیفەت بۆنمونە ( جوان ، چاك ، پتەو ، دەست لێنەدراو ، .. هتد .... ) .

لێرەدا ئەگەر بڕوانینە زۆربەی باس و نوسراوو لێکۆڵینەوەکان ووشەی ڕەسەن لە هونەری کوردیدا لە زۆربەی کاتدا بە موزیك و گۆرانیەك وتراوە کە کۆن و کەلەپوریی بووبێت یاخود ئەگەر دانراویش بێت بەڵام مۆرکێکی کەلەپوریی هەبێت ، بەواتایەك ئەو بەرهەمەی کە بەدڵی پیرەکانی سەردەمی خۆی نەبووبێت بەرهەمێکی ناڕەسەن بووە .

ئەگەر لەرووی زانستیەوە ئەم ووشەیە بەکاربێنین بۆ موزیك ، ووشەی ڕەسەن کە بە ئینگلیزی پێی دەوترێت ( Original ) بە مانای بەرهەمی دەستکاری نەکراو دێت ، وەکو زێڕ و ئاڵتونی ناو خاك کە هێشتا هیچی لێدروست نەکراوە ، یاخود گۆرانیەکی کەلەپوریی کەهێشتا بە شێوازێکی ئەکادیمیی لەگەڵ گروپی موزیك و لە ناو ستۆدیۆی دەنگیدا تۆمارنەکراون و بەسادیی دەست خەڵکی کەوتون .

ژەنینێکی وەکو شمشاڵەکەی قالە مەڕە دەچێتە خانەی ڕەسەنایەتیەوە کە دواجار دەکرێت سودی لێوەربگیرێت بە بەکارهێنانی ئەو میللۆدیە خاکیانەی کە لە دڵ و دەرونێکی سادەی خۆی و کۆمەڵگاکەیەوە دروست بووە ، واتا مەرج نیە بەرهەمی ڕەسەن خاوەنەکەی کۆچی دوایی کردبێت ، مەرج نیە بەرهەمەکەش

کەلەپوریی بێت زۆرجار هۆنەرێك دێت وەسفی جوانی و چاکیی و خانەدانیی کیژۆڵەیەکی نازدار دەکات وەکو لە سەرەوەدا ئاماژەم پێدا سیفەتی جوانی و چاکی زۆرجاران بە ڕەسەنایەتی کۆکراوەتەوە ، یاخود سەرکردەیەکی کورد بەهۆی جەربەزەیی و لێوەشاوەیی خۆی و هەوڵدانی بۆ سەرخستنی میللەتەکەی بە پیاوێکی ڕەسەن ناوبراوە بە مانای ئازا یان دڵسۆز ، واتا ئەم ووشەیە کۆمەڵێك ناو لەژێر سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوە ، لە گۆرانیی و موزیکیشدا ووشەی ڕەسەن جەمسەرێکی گرێدراوە بەو خاڵانەی سەرەوە و جەمسەرەکەی تریشی بریتیە لە گوزارشتی کەسێتیەکان لە مۆرکی دەنگ و ئامێری موزیك ، چونکە ئەگەر لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هۆکاری بەکارهێنانی ووشەکە بکەین دەبینین مۆرك هۆکاری بەکار هێنانی ئەو ووشەیەیە ، کە ئەمەش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر زۆرێك لە گۆڕانکاریی بەخۆیەوە دەبینێت ، بۆ نمونە گەنجێك لە لادێکەیدا شانازیی بەهەموو بابەت و بەهرەو کەسایەتی و کەل و پەلە ناسراوەکانی دێیەکەیەوە دەکات ، جا ئەگەر بیگەڕێنینەوە بۆ چەندین سەدە لەمەو بەر تاکو ئێستا ئەو بابەتانە وەکو خۆی ماونەتەوە لە باش و خراپ یان بابڵێین لە ڕەسەن و ناڕەسەن ، دواجار کەسایەتیەك هەر شتێکی چاك و خراپ ببینێت لەهەر جێگایەك یەکسەر بەناڕاستەوخۆ پەل بۆ توانای ناوچەکەی خۆیان دەکێشێت و بە پێوەری ناوچەگەریی ڕەسەنایەتی دەپێوێت ، بۆنمونە ئەگەر شمشاڵژەنێکی شوانی بەناوبانگ هەبووبێت لەو ناوچەیەدا چەندینساڵ لەمەوبەر کاتێك بۆ جێگەکەی دەبێتە کەلەپور ، نەوە لەدوای نەوە ئەو شمشاڵژەنە بە پێوەری شمشاڵژەنی باش و چاك و ڕەسەن دادەنێن ، واتا لەهەر ناوچەیەکی جیاوازتر کەسێك دەمی شمشاڵەکەی ئەو مۆرکە بدات ئەوا موزیکژەنێکی ڕەسەنە .لێرەوە بۆماندەردەکەوێت کە مۆرك و ناوچە پەیوەندییەکی بەتینیان لەتەك ڕەسەنایەتیدا هەیە و پێوەری تەواوی زۆربەی ناوچە بچوك و دورەدەستەکانە ، کە دواتر بوونی زانستگا هونەریەکان و بەرفراوان بوون و تێگەیشتن لە مۆرك و بنەماکانی موزیك ئەو ووشەیەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە ، لێرەدا مانا تەواوەتیەکەی بریتیە لە کەرەستەیەکی خاوی زیندو کە لەتوانایدا هەیە ببێتە هەوێن و کەرەستەیەکی چاکی بەرهەمهێن ، ئیتر ئاوازە یان هۆنراوەیە ... ئەوەشمان لەیاد نەچێت تەنها ئاواز کەرەستەیەکی ڕەسەن نیە بگرە هەموو کەرەستەکانی موزیك و گۆرانیی دەگرێتەوە لە ( ئاواز ، موزیك ، هۆنراوە ، تۆمارگە ، مۆرکی ووتن ، ... ) زۆرجار کەوتراوە ئەو گۆرانیە ڕەسەن نیە ڕەنگە بە خراپیی ووتنەکەی وترابێت یان بێهێزیی هۆنراوەکەی یاخود کەلەگەڵ کلیپدا بینراوە کلیپەکەی بەدڵی ئەو کەسایەتیە نەبووە . هەندێك لە کەسایەتیە بەساڵاچووەکان ئەشێت بە گۆرانیەك بڵێن ناڕەسەن کە هی ناودارێکی کۆنی کورد بووبێت و ووترابێتەوە بە دەنگێکی ناساز ، بۆنمونە زۆرمان هەن لاسایی هونەرمەندانی نەمری وەك تایەرتۆفیق و حەسەن زیرەك و ..ماملێ .. دەکەنەوە ، کەبە داخەوە جگە لەوەی کە خۆش نەوتراوەتەوە کە گوێگرتن بۆ سەرچاوەکەی گەلێك خۆشتر و دڵڕفێنترە هەوڵیش نەدراوە تۆزێك ئاستی موزیکژەنین و ریزبەندیی ئامێریی تاڕادەیەك زانستیی بێت ، واتا گوێچکە قبوڵی بکات ..لێرەدا تێکەڵکردنی مۆرك و ستایڵی موزیك و قەبارە و شێوازی تیپ گرنگترین

رەگەزی بەرهەمی موزیکیی و گۆرانی وتنە ، ئەمەیە هۆکاری بەکار هێنانی ووشەی ڕەسەن بۆ کۆمەڵێك مانا و کە هەر کەسە و بۆ مەبەستێك و واتایەکی جیاوازتر بەکاریدەهێنێت .

لەپاش شیکردنەوەی ئەو کۆمەڵە ڕاڤەیەی سەرەوە بۆ بەکارهێنانی ووشەی ڕەسەن بەباشی دەزانم لەناو کایەکانی هونەری موزیك و گۆرانیدا شیبکەینەوە بۆ واتا سەرەکیەکانی بەڵام زیاتر شیکردنەوەیەکی مۆدێرنتری بۆبکەین

***موزیکی ڕەسەن :**

موزیك بەهەموو ستایڵ و جۆرەکانیەوە دەتوانرێت مانای ڕەسەنایەتیی پێببەخشین ، بەڵام زیاتر بەواتای ( جوان و زانستی ) ، بۆنمونە لە زانستی موزیکداناندا چەندین شێواز بەکاردەبرێت ، بەڵام شێوازەکان پەیوەستە بە قەبارەی تیپ و مۆرکی ئاواز و شێوەی موزیکەکە ، ئایا ریتمیە یان ئاوازیی یان بەرهەمێکی تەواو هارمۆنیە ؟ کە ئەم کایانە سەرجەم جیهان خاوەنێتی و ستانداردە ، واتا هەموو نەتەوەیەك سەربەستە لە کارپێکردنی دواتر جوانی بەرهەمەکە دەستنیشانیدەکات و لە ئەنجامی جوان کارتیاکردنی یان بەپێچەوانەوە ، قۆناغ بە قۆناغ بۆ مێژووی ئەو نەتەوەیە دەمێنێتەوە . دواجار ئەگەر بە لایەنە جوانەکەی بەکار برا ئەوا پێی دەوترێت بەرهەمی ڕەسەن ، بۆنمونە ئەگەر سەیری موزیکی ئێستای عەرەبی بکەین کە بەبڕوای زۆربەی دکتۆرە ئەکادیمیەکانی موزیکیی ، موزیکی عەرەبی بەرە و جەنجاڵیەکی گەورە دەڕوات و ستایڵەکان بەجۆرێك تێکەڵ بوون کە زۆر جار لە رووی زانستیەوە ناچێتە هیچ خانەیەك و ناودەبرێت بە هونەری مۆدێل کە هەندێکجار بۆ چەند کاتژمێرێك بەکار دێت ، لێرەدا موزیسیانەکان موزیکی کۆنی عەرەبی بە نمونەی تەواو و ڕەسەن دادەنێن وەکو موزیکەکانی ( ئوم کەلسوم ، فەرید ئەترەش ، عەبدلوەهاب ، .....) و هەر بابەتێکی تازەش کە نزیکی ئەم ستایلانە بێتەوە ... ئەگەرچی ئامێرەکانیش میللی و کلاسیکی جیهانی تێکەڵاوبن ..، واتا مەرج بۆ ئەو ووشەیە دانەنراوە کە موزیکەکە چ جۆرە ئامێرێك دەیژەنێت ، بۆنمونە فارسەکان بە گۆرانیەکی کۆڕاڵی بە ووشەی فارسیی و هاوشانیی ئۆرکێسترای سیمفۆنی دەڵێن ڕەسەن ، لێرەدا بەواتا زانستیەکەیەتی کە دەوترێت ڕەسەن ، لەهەمانکاتدا بە موزیکی میللی کە دەنگخۆشێکی وەکو محەمەد رەزا شەجەریان دەیڵێت پێیدەڵێن ڕەسەن ، بۆ ؟ لەم سەردەمە نوێیەی موزیکدا فارسەکان ئەوەندە رۆچونەتە ناو ئاواز و هۆنراوەی کلاسیکی هاوکات لەگەڵ ئامێرە کەلەپوریەکانیشدا ، ئێستا هەوڵئەدەن شێوازە کۆنەکەی بەرەوپێش بەرن بە دەرچون لە شێوازی ئۆنیسۆن و بەکارهێنانی هارمۆنی و کۆنتراپۆینت و کانون ، ... بەڵام چێژی پیر و گەنجیش لەدەست نەدات ، بەوە دەڵێن ڕەسەن ...، لە لایەکی تریشەوە گۆرانیبێژی ڕەسەن بەوە جیادەکەنەوە کە سیما زانستیەکانی گۆرانیی و ئەتەکێتە دەرەکیەکانی لێببینرێت ، بۆنمونە گۆرانیبێژێك ڕەسەنە کە هەمیشە هەوڵی پێشکەش کردنی بەرهەم بدات بە ڕێگەی یاسایی واتا لە هۆڵی کۆنسێرتدا ، دوور لە باڕ و یانەکان ، بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بە ڕێگەیەکی فەرمی ، ڕەسەنایەتیش بۆ لایەنە ناوەکیەکانی بریتیە لە ریزبەندیی لە جۆری موزیك و هۆنراوە و ڕیتم و پەیژەی موزیکیی ، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەینە زۆرێك لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی ئێران دەبینین لە ناو کاسێتێکدا

نزیکایەتیەکی زۆر دەبینین لەنێوان بەرهەمەکاندا لەو ڕوانەی سەرەوەدا کە باسم کرد .

*دەنگی ڕەسەن :

ئەو دەنگە خۆش و بەهرە خۆرسکەیە کە خودا بەخشیوێتیە ئەو مرۆڤە ، کە مەرجی سەرەکیە بۆ بەردەوام بوون و داهێنان لە گۆرانی چڕیندا ، دواتر هونەرمەند بە پێشخستنی بەهرەکەی دەتوانێت بگاتە لوتکە ، ئەوەی لە کۆنەوە بەو بەهرە خۆرسکە ناسراوە پێی وتراوە ڕەسەن ، هەڵبەتە زۆرێك لە هونەرمەندە کۆن و نەمرەکانی کورد بە ناڕاستەوخۆ و بەبێ بوونی پیلانێکی زانستیی و ڕۆشنبیریی جێگەی خۆیان کردۆتەوە ، کە بۆ سەردەمەکەی خۆیان بونەتە سیمبولێکی دیار و ئێستا پێیان دەوترێت ڕەسەن بە مانای خۆش و پڕ چریکە یان بوونی میانە بەرزەکانی قورگی ئەو هونەرمەندە ، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت مەودای دەنگی گۆرانی بێژیش دیاریکراوە ، هەندێکی ڕووەو چینە بەرزەکان و هەندێکیشی بە پێچەوانەوە هەر بۆیە لە موزیکی جیهانیدا چوار جۆر دەنگی مرۆیی جیاکراونەتەوە ( سۆپرانۆ ، ئاڵتۆ ، تینۆر و بەیس ) کەدواتر بەهەرەوەری دەنگخۆش یەکێك لەم چینانەی هەیە ئەگەر شارەزای میانەکانی نۆتی موزیك ببێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانێت دەنگی خۆی بناسێت ، بەڵام بەداخەوە لەناو گۆرانیی کوردیدا تاکو ئێستا زۆرێك لە سترانبێژەکانمان شارەزای ئەو بوارە نین و بەدواداچوونیشیان نەبووە بۆی ، تەنانەت ئەمە لە موزیکی عەرەبیشدا هەبووە و لەکۆنەوە ئەو کلتورەمان بۆماوەتەوە ، کەئەگەر سترانبێژێك گۆرانیی بێکێش ( مەقام )ێکی بە چینی نزم ووت ئەوا ڕەسەن نیە و ناتوانێت بچریکێنێت ، لێرەدا گرنگە بزانین چۆنێتی ووتن گرنگە نەوەك توانای مەودای دەنگیی ئادەمیزاد ، هەروەکو چۆن جیاوازیی هەیە لە ڕەنگ و دەنگ و میانەی ئامێرەکانی موزیك ئاواش ئادەمیزاد توانای دیاریکراوە و سنوری خۆرسك لە دەنگیدا هەیە، زۆرجار کە بە هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق وتراوە دەنگ ڕەسەن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مۆرکی وتنەکەی تەنها هی خۆی بووە و لاسایی کەسی دیی نەکردۆتەوە ، ئەمەش بەوەی کە گۆرانیەکی چڕیبێت دانراو یان کەلەپوریی هەوڵی داوە توانای دەربڕینی خۆی بەکاربهێنێت ، نەوەك بێت دەقاو دەق هەوڵی لاسایی کردنەوەی حەسەن زیرەك بدات لە شێوەی ئەدا و بەکارهێنانی قورگ و سنگ و ناوپەنچك ..هتد.. چونکە هەر مرۆڤەو پێکهاتەیەکی جیاوازی هەیە و شوێنی نیشتەجێبوون و کۆمەڵگا و دەوروبەرەکەی جیاوازتر خوڵقاوە کە ئەستەمە ئەو کارەی بگاتە ئەنجامێکی دیار و بەجۆرێکی تریش کۆمەڵگا پێی بێژن ڕەسەن ، لە جەمسەرێکی ترەوە گۆڕینی مۆرکی ناوچەیی و زاراوە زۆر لاوازیی دەخاتە ڕەسەنایەتیەوە کاتێك هەورامیەك گۆرانیی سۆرانی بچڕێت یان سۆرانی هەوڵی کرمانجیی بدات ، ئەوا مۆرکە کوردیەکان شێوەیەکی بەردەوام و جوان وەرناگرن .

**دوا وێستگە :**

بەو بیر و بۆ چونەی کە من وەرمگرتوە لە مەڕ ووشەی ( ڕەسەن ) و کۆمەڵێك نمونەم لەسەر باسکردووە ، ڕەنگە لای هەندێك کەس ئەو پەیڤینە کێشەیەکی ئەوتۆنەبێت بۆ قسە لەسەر کردن ، بەڵام ئەوەندەی من بینیومە و وەرمگرتووە تاکو ئێستا موزیکی نەتەوەکانی ڕۆژهەلات بەتایبەتیی عەرب گەلێك کێشەیان لە زاراوەکانی موزیکدا هەیە و بۆ ئەم مەبەستانە سالانە

کۆنفرانس و مێزگردی جدیی و تایبەتیی سازدەکرێت و پسپۆڕ و توێژەرەوەی جیهانیی و جۆراوجۆر بانگهێشتدەکەن بۆ ستاندارد کردنی زاراوە موزیکیە ڕۆژهەڵاتیەکان ، لەبەر ئەوەی بنچینەی هونەر بەهەموو بەشەکانیەوە پێشهەموو کایەکانی ڕۆشنبیریەکەیەتی ، واتا هەر بەرهەمێکی گۆرانیی و موزیکیی ببینین بناغەکەی پەیوەستە بەو ڕۆشنبیریی و ئەو زانستەی لەپشتیەوە هەیە ، چونکە لەداهاتوودا و بۆ مێژوو دەڕوانرێتە باگراوندە مەعریفیەکانی بنچینەی هونەرەکە ، دواتر دەوترێت هونەری نەتەوەکە ڕەسەنە بەو واتایەی جوانە ، زانستیە ، مەعریفیە ، خۆشە ... لەسەروو هەمووشیانەوە ڕەسەن بەمانای پشت ئەستور بەکاردەهێنن.

زۆزك قەرەداغی


**سەرچاوەکان :**

- مانگنامەی ( ئێستا ) ژمارە ( 20 ) ی ساڵی 2000 – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم .
- مانگنامەی ( ڕامان ) ژمارە ( 49) ی ساڵی 2000 – دەزگای گوڵان .
- فەلسەفەی جوانی و هونەر ( ئیستاتیکا ) – د . کەمال میراودەلی .
- التعبیر الموسیقی – الدکتور فؤاد زکریا . 1956
- الموسیقی التعبیریة – د. علی عبداللة – . 1997
- یك قرن موسیقی مدرن – کیوان میر هادی .
- دەربڕینی ئەندێشە لە موزیکدا – سیدنی فینگشتاین – وەرگێڕانی بۆ کوردی : ستار کەریم 2005 ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

محمد ڕەزا شجریان ، ئەندێشە و ئەزمون – ئامادەکردن و وەرگێڕانی: هێمن شەریف ، چاپخانەی چوارچرا .


# فیلمی نیوەمانگی بەهمەنی قوبادی هەرادەنێتەوە!!



ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بیانی بە حەماسەوە تیشك دەخەنەسەر دوافیلمی دەرهێنەری ناوداری کورد "بەهمەنی قوبادی" کەڕەنگە هیچ فیلمێکی ئەو هێندەی ئەم فیلمە نوێیەی "نیوەمانگ" تیشکی نەخرابێتە سەر ، ئەمە جگەلەوەی لەفیلمەکانی تریدا بەتایبەتی" ساتێك بۆمەستی ئەسپەکان و کیسەڵەکان دەفڕن"کۆمەڵێك خەڵاتی گەورەی نێودەوڵەتی وەرگرت، بەڵام تاهەنوکە فیلمی "نیوەمانگ"هیچ خەڵاتێکی گەورەی بەدەست نەهێناوە بەڵکو تازە کاری هونەریی تەواوبوەو ئامادەکراوە بۆنمایشکردن، بەڵام بەپێی پێشبینی زۆرێك لە ڕۆژنامەنوسان ئەم فیلمەی قوبادی هەرایەکی گەورە چ لەناوەوەی وڵات چ لەدەرەوەی وڵات دەنێتەوە ، چونکە بەهمەن ئەم جارە بە ڕاستەوخۆ دەستی بردوە بۆشتگەلێك کەڕەنگە پێشوتر لەلایەن دەرهێنەرانی سینەماوە کەمتر لەوڵاتەدا دەستی بۆبرابێت، "نیوەمانگ" فیلمێکە تاڕادەیەك نیمچە دیکۆمێنتاریە باس لەبنەماڵەیەکی موزیك ژەنی کوردستانی ئێران دەکات کە لەکاتی ڕوخانی ڕژێمی بەعس لەعێراق بەنیازن بێنەهەولێری پایتەختی کوردستانی

عێراق کۆنسێرتێکی مۆزیکی سازبکەن، بەڵام بەهۆی گرفتی سنورەوە ئەم خێزانە ڕووبەڕوی کێشەدەبنەوەو کۆنسێرتەکەیان لەهەولێربۆسازناکرێت، ئەوکێشەیەش لە سنوری نێوان عێراق و ئێران دەبێت و کاتێك پیاوانی سەربازی وپاسەوانانی سنوری ئێران ڕێگە نادەن ئەم خێزانە لەئێرانەوە بێنە خاکی کوردستان، سەرەتای کێشەکەش لەوەوە بۆیان دروست دەبێت کە یەکێك لەئەندامانی ئەو خێزانە کە کیژە ئەکتەری بەناوباگی سینەمائێرانی "هەدیە تارانی" ڕۆڵەکە بەرجەستەدەکات گۆرانی دەڵێت، گۆرانی وتنی کچیش بە پێی یاسای ئێرانی قەدەغەیەو بۆیە ناچار پاسەوانان ڕێگردەبن لەم سەفەرەی ئەم خێزانە مۆزیکیەی کوردستانی ئێران بۆکوردستانی عێراق و دواتریش پاسەوانەکان سەرجەمی ئامێرەمۆزیکیەکان دەشکێنن و کۆنسێرتەکەیان پێشکەش ناکرێت ، فیلمەکە بەزمانی کوردیە تەنها چەند پەرەگرافێك نەبێت بە فارسی وکەشێکی گشتی کوردیانە باڵی بەسەر فیلمەکەدا کێشاوە ، بەپێی وتەکانی بەهمەنی قوبادی لەفێستڤاڵی تۆرنتۆ لەکەنەدا ڕایگەیاندوە کە دوای ئەوەی ڕازیبوم کە دەزگاکانی سانسۆری ئێرانی چەند جارێك ئەم فیلمە سانسۆربکەن لەبەرخاتری ئەوەی بینەر لەئێراندا بتوانێت ئەم فیلمە ببینێت، بەڵام بەداخەوە سانسۆر لەئێران نەیهێشت ئەم فیلمەی من لەئێراندا نمایش بکرێت !!

بۆیەکەم جاریش ئەم فیلمە لەفێستڤاڵی تۆرنتۆ لە کەنەدا نمایشکراو بەهمەنی قوبادی زانیاری زیاتر لەسەر فیلمەکەی بەبینەراندا..

هەرچەندە پێش فیلمی نیوەمانگ قوبادی لەلایەن دەزگاکانی سانسۆر لەئێران توشی هەمان گرفت بوو ، بەتایبەتی دوای بەرهەمهێنانی فیلمی"ئاوازەکانی وڵاتی دایکم " بەهمەن



بەوەتاوانبارکراوە کەهەستی تایفی و نەژادی دەورژێنێت و ناوی فیلمەکەش دیارترین ئاماژەیە...

لەفیلمی" نیوەمانگ"یشدا بەهمەنی قوبادی جارێکی تر کێشەی سنور دەخاتەوە بەرزومی کامێراو شیکارێکی جیاوازتری بۆدەکات، لەهەمو ئەو فیلمانەی تری بەهمەنی قوبادیدا سنوردیارترین ڕەگەزە کەئەو دەیەوێت تێکیبشکێنێت و دیدێکی هیومانیزمی باڵا بەرهەمبێنێت و تەنها مرۆڤ بون سەنتەری بۆچونەکان بێت ، بەهەمان شێوەش لەم فیلمەدا ئەو خێزانە مۆزیکژەنە کوردەی کوردستانی ئێران دەیانەوێت دورلە سنورەوەك ئینسان، وەك کورد، لە خاکی خۆیانەوە بێنە خاکی خۆیان کەهەردوکیان کوردوستانە ، بۆئەوەی کۆنسێرتێکی مۆزیکی بگێڕن بەڵام زۆربەتوندی لەمپەردەخەنە بەردەمیان ڕەنگە بونی سنور گەورەترین لەمپەربێت..

لەنیوەمانگدا بەهمەن قوڵتر لەهەمو فیلمەکانی تری سنوری خستوەتەژێرپرسیارەوە ، ئەم فیلمەش چەند ئەکتەرێکی دیاری ئێرانی ڕۆڵی تێدادەبینن لەوانە:

هەدیەتارانی، گوڵشیفتە فەراهانی، ئەلاموراد ڕەشتیانی ، سدیق بەهزاد پور..بەهمەنی قوبادی ئەم فیلمەی پێشکەشکردوە بەیادی 250ساڵەی لەدایکبونی موزیکژەنی جیهانی مۆزارت.

عەبدولخالق ئەحمەد

# شانۆگەری "نماز"



گروپی" زریانی پارسا"كۆمەڵێك شانۆكاری لاون كەسەرجەمیان بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەكانیان تەواوكردوەو ماوەیەكە ئەم گروپەیان دروسكردوەو نۆبەرەی كاری هونەرییان شانۆگەری "نماز"بوو كەسەرلەئێوارەی 9/14بۆماوەی سێ ڕۆژلەهۆڵی كۆمەڵەی هونەرجوانەكانی سلێمانی بەئامادەبونی بینەرێكی زۆر ئەم شانۆیەیان نمایشكرد..

ئەم شانۆییە لەدەرهێنانی "كاروان عەبدولاسۆق " و نواندنی "سۆزان باباعەلی ، هێرۆجواد، ئەژین حەمەنوری، سەرهەنگ محەمەد، لانەسامان، سۆران ئەكرەم، كاروان عەبدولا...چەندئەكتەرێكی تر...

چیرۆكی سەرەكی ئەم شانۆگەریەش باسی لەكێشەیەكی كۆمەڵایەتی دەكات كە ئەو كێشەیە پاشتر كارەكتەرێكی تر بە دونیایەك نهێنی و لوغزەوە دێتەناو ئەو خێزانە كەئەویش ناوی "نماز"ە كە خەڵكی هەڵەبجەیەو و دوای كیمیابارانی هەڵەبجە دەچنەئێران و دەستێكی لەدەست دەدات و خێزانێك لەشاری مەریوان گەورەی دەكەن و پاشتردەیدەنە پیاوێك كە 30ساڵ تەمەنی لەخۆی گەورەترە ، ئەویش وەك هەڵوێستێك بڕیاردەدات بێتەوە بۆكوردستان وبەڕێكەوت ڕێی دەكەوێتەماڵی ئەم خێزانەكە خێزانێكی پەرتەوازەن لەڕوی ئاكارو لایەنی كۆمەڵایەتیەوە ، تادواجار برای ژنی ئەو ماڵە كە بەحاجی ناسراوەو گوایە خواپەرستە و پیاوچاكە بەڵام لە ڕاستیداسەرچاوەی دونیایەك گرفتی ئەو خێزانەیە ، لەوانە دەستدرێژی ئەخلاقی دەكاتە سەرخزمەتگوزاری ماڵی خوشكەكەی و منداڵێكی زۆڵ دەخاتەوە ، واش دەردەخات كەئەو منداڵە كوڕی ناشەرعی مێردی خوشكەكەیەتی ، پاشتر "نماز" بەدەستی ئەو خزمەتگوزارەو حاجی دەكوژرێت ونمایشەكەش بەو كوشتنە كۆتایی دێت ، لەگەڵ دنیایەك كێشەو گرفت و گرێی شانۆیی تر، جگەلەمانەش سەرجەم ڕیتمی نمایشەكە ڕیتمێكی كۆمیدی هەبوو، ئەمەش جۆرێك لەجورئەت وشێوازی كاركردنەلای ئەم دەرهێنەرەلاوە كەبەوشێوازەكاردەكات كەڕەنگە ڕیتمێكی تەواو جیاوازبێت لەو ڕیتمەباوانەی كەئەمڕۆكاری پێدەكرێت لەشانۆدا.

لەسەر چیرۆكی شانۆییەكە دیارەشتی تر زۆرە بۆگێڕانەوە ، بەڵام ڕەنگە زۆرخزمەت نەكات بە نوسینی ئەم بابەتە ، ئەمەندە هەیە دەمەوێت چەند سەرنجێك سەبارەت بەم شانۆییە بخەمە ڕوو ، كەبەبڕوای من ئەم كارە شانۆییە دەیەوێت قسەی جدی لەسەربكرێت، بەتایبەتی كۆمەڵێك گرفت لەم شانۆییەدا تەرحكرابوو كەڕەنگەئەمڕۆگرفتێكی دیاری كۆمەڵگەكەمان بێت ، ئەویش گرفتی ئاینی و بیروباوەڕە، بەبڕوای من "كاروان"ی نوسەرو دەرهێنەری ئەم شانۆییە زیرەكانە پەنجەنومای بردوە بۆئەو كێشەیەی كە پێویستە قسەی لەسەربكرێت، لەوانە كێشەی "حاجی و مەلاوشێخ"كەئەمڕۆهەریەكەیان بەناوی خواوە قسەدەكەن و خۆیان بەنوێنەری یەزدان دەزانن

لەسەرزەوی لەکاتێکدا نەلەگەڵ خودا پاکن و نەلە گەڵ خەڵکیدا ڕاست ناکەن، بەڵکو کارەکەیان تەنها بۆڕیایی و خۆدەوڵەمەندکردن و گیرفانە، کاروان لەڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە دەیەوێت لەکۆی ئەو دەزگاو ئۆرگانە دینیانەبدات کە لەئەساسەوەلەسەر بەرژەوەندی و دوالیزمی خودی دروست بون، لەولاشەوە "نماز"عاشقێکی پاکیزەیەو پێچەوانەی کارەکتەری حاجی لەدەقەکەدابونیادنراوە ، شتێکی تریش زۆرگرنگە ئامارژەیەکی خێرای پێبدەم ئەوەیە کەئەم کۆمەڵە لاوە هەمویان لەدوای دوهەزارەوە بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانیان تەواوکردوە، دیارە ئەو قۆناغەی کەئەوان خوێندنیان تێداتەواوکرد ڕیتمێکی شانۆیی کاری پێدەکرا تەواوپێچەوانەی ئەم ڕیتمەیە کەئەمان کاریان لەسەرکردوە ، لەو جیاوازیانەش کەجێگەی سەرنجن بونی دیکۆر، ئێکسسوار، ڕوناکی، ماکیاژ، ڕوناکی، جلوبەرگ...هتد کەهەموئەم ڕەگەزانە لەکاری شانۆیی هاوچەرخ و ئەو ڕیتمە باوانەی کە هاوڕێیانی ئەم گروپە کاری لەسەردەکەن زۆرلەم شێوازە جیاوازن، بێگومان ئەو جیاوازیەش هاندەرێکی سەرەکی بوو بۆقسەکردنی جدی لەسەرئەم شانۆگەریە لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ..

ئەمەجگە لەوتوانستە هونەرییانەی ئەم لاوانە لەبواری نواندندا کەبینەریان لەسەرتەختەی شانۆسەرسام دەکرد، بەڵام لەهەمانکاتیشدا گرفتی نوسین و نواندن ودەرهێنان گرفتێکەو ڕوبەڕوی "کاروان عەبدوڵا سۆفی" دەبێتەوە کەناکرێت کاروان لەیەك کاتدا ڕۆڵ ببینێت ونوسەربێت و دەرهێنەریش بێت ، بێگومان ئەم گرفتەوای لەو کرد کەتاڕادەیەکی زۆرلەڕوی دەرهێنانەوە بۆشایی لەنمایشەکەداببینرێت ، چونکە لەکاتێکدا دەرهێنەردەتوانێت چاودێربێت کە لەناو هۆڵدا چاودێری جوڵەی ئەکتەرەکانی سەرتەختەی شانۆبکات، بەڵام ئەگەردەرهێنەر خۆی ڕۆڵی بینی لەسەرتەختەی شانۆ ئەی ئیتر کێ دەبێتە چاودێر؟ئەمە جگە لەتەرحکردنی بابەتەکە تاڕادەیەکی زۆرگریێ ولوغزی زۆری تێدابوودەکراهەندێ لەو لوغزانە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئاشکرابکات، لەوانە ئەوتەلەفونەی کوڕە ناشەرعیەکەی "حاجی"کردی وتی خزمی "نمازە"ئێمە تاکۆتایی نمایشەکە نەمانزانی کێیە و چی پەیوەندیەکی بەڕێڕەوی نمایشەوە هەیە ؟؟ یان برای حاجی هەندێ ئامارژەی دەدا کە "نماز"دەناسێت ئەمە چۆن؟ کەی ؟لەکوێ؟لەوانە بۆیەکەم جار ئەو زانی کە نماز دەستی دەستکردی هەیەو زۆرشتی تریش..

دیارە ئەم فۆڕمە لەگرێ لەکاری تەکنیکی شانۆییدا جۆرێك لەپەرتەوازەیی وشڵەژاوی ڕوداودروستدەکات، ڕەنگە ئەم جۆرە لە ئیشکردن بۆکاری نوسین جۆرێك لە فەنتازیا بخولقێنێت بەڵام بۆکاری وێنەو گرتەی شانۆیی بینەرتوشی پەرتەوازەیی دەکات، ئەم تەکنیکە زیاتر لە نوسینی ڕۆماندا ئیشی پێدەکرێت ئەویش بۆ دروسکردنی زیهینیەتە لەنێوان هۆشی خوێنەرو بەرهەمە نوسراوەکەدا، بەڵام لەشانۆدا مادام یەکەم پەیوەندی وێنەیە ئەوا ڕەنگە ئەم جۆرە پەیوەندیە تاڕادەیەکی زۆرئیشکالیەتی هونەریی دروستبکات، هەروەك چۆن بینیمان لەم شانۆییەدا دروستی کرد...

دواشت جوگرافیای شانۆبوو کەبەبڕوای من دەرهێنەر بەشێوەیەکی زیرەکانە توانیبوی جوگرافیای ئەوماڵە وەهمیە لەبەرچاوی بینەر بنەخشێنێت ، بەجۆرێك بینەر دوای نمایش و لەکاتی داگیرسانی گڵۆپی هۆڵەکەدا هەروابزانێت لەبەردەمیداو لەو نزیکانەدا "نماز"کوژراوە...

دڵشاد کەمال

# هیوا دۆمان.. لەڕێی ڕوخسارەوە کارەساتی ئەنفال دەخوێنێتەوە




لەیادی کارەساتی ئەنفال و هاوکات لەگەڵ دادگایکردنی سەدام و هاوکارەکانی لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال هونەرمەندانی کورد وەکو سالانی ڕابردوو لەڕێی هونەرەوە گوزارشتیان لەم کارەساتەکرد هەریەکەو بە شێواز و ستایلی هونەری خۆی، هەر لەو بوارەدا رۆژی"8/26"لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی لە ژێر ناونیشانی "بەجیهانی بوونی ئەنفال" هونەرمەند هیوا دۆمان حەوتەمین پێشانگای خۆی کردەوە .

لەبارەی پێشانگاکەو ئەو کەرەستانەی کەلەم پێشانگایەدا بەکاری هێناوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی کەلەستایلی کارکردنی هونەرمەندا ڕویداوە، هونەرمەند"هیوادۆمان"ووتی:"سەبارەت بە پێشانگای تایبەتی خۆمەوە ئەمجارە گۆڕانکارییەکە لەگەڵ ئەوانی تردا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لێرەدا ڕەنگە فۆڕم بە شێوەیەکی ئاشکرا بەرجەستەبکرێت و دیار بێت یاخود لە حاڵەتێکی تریشدا وەشاندنی فڵچەو ئەو پەڕەموچانەی کە من وەشاندوومە بۆ ئەوەی تێکسچەری بابەتەکەم بێتەدی ئەمانە هۆکارێکن بۆ ئەوەی کە وا جیاوازی لەنێوان ئەم کارەو کارەکانی پێشوترمدا دروست بکات، بەدیوێکی تریش لێرەدا بەتەنها ڕەنگم بەکارهێناوە و لەوانەیە جیاوازبێت لەوەی لە کارەکانی پێشومدا ماتریاڵی تریشم بەکارهێنا بەدەر لەڕەنگ ، قوماش و هەرشتێکم دەست بکەوتایەکە بمزانیبایە ئەگونجێت لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی مندا بەکارم دەهێنا بەڵام ئەمجارە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بیرۆکەی کارەکە بەواتای ئەوەی ناونانی کارەکە خۆی بەشێکە لەوەی کە من بتوانم لەڕێی کەرنەڤاڵی ڕەنگییەوە ئاراستەی ئەوە بکەم کە جارێکی تر زیندوکردنەوەی بوونی لێرە بەرجەستە بکەم ، ئەم کارانە بەبۆیەی ئەکریلك نەخشێنراوە لەگەڵ دوو تابلۆیان بە بۆیەی زەیتی کەواتە لێرەدا ماتریاڵەکان بەتەنها ڕەنگە ڕەنگی زەیتی و ڕەنگی ئەکریلیکە کە ڕەنگێکی ئەتوانم بڵێم زۆر خۆشدەستە بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت کاری تێدا بکات ". لەبارەی هەڵبژاردنی ڕوخسار بۆ گوزارشتکردن لەو کارەساتە، هونەرمەند "هیوا دۆمان"ووتی:" من لێرەدا ڕوخسارم هەڵبژاردووە لەبەر ئەوەی ڕەنگە بەلای منەوە ڕوخسار بەشێکی دەرەنجامی بیرۆکەکەم بێت کە من بتوانم لەڕێی ڕوخسارەوە هەموو کارەساتەکان جارێکی تر بخوێنمەوە ، ئەگەر تەماشای ڕوخسارەکان بکەیت نیگاکان و سەیری چاوەکان بکەیت زۆربەی زۆری تەرکیزم خستۆتە سەر ئەوەی کە بزانم چاو چ دەلالەتێك دەگەیەنێت بۆ ئەوەی کە وەرگری بەرامبەری بجوڵێنێت من لێرەدا هەستدەکەیت لەهەموو کارەکەدا چاوەکان زۆر بەئاشکرا بانگەشەی

بەرامبەردەكات و دەڵێت منم ئەو كەسەی كە ئەم توانیویەتی من بنەخشێنێت و من جارێكی تر لەنێو بوونی مەرگەساتی ئەنفالدا دروست بكاتەوە و بە ئێوەم بناسێنێتەوە ڕەنگە نەوەی ئێستا و نەوەی ئایندەمان لە ڕێگەی نوسین و دۆكۆمێنتەكانەوە بتوانن ئەنفال بناسن ئەگینا ئەنفال ئەو حەقیقەتەیە مەگەر مرۆڤی خۆی و بەشداربووی ناو كارەساتەكە بتوانێت چیرۆكی مەرگەساتی ئەنفال بگێڕێتەوە، ئەگینا ئەوانەی لەدەرەوەی بازنەی مەرگەساتی ئەنفالن بەشێوەیەكی ڕاشكاوانە دەیڵێم ڕەنگە بەشێوەیەكی ڕوكەشانە بچنە نێو خودی ئەنفالەوە ".

شۆڕش محەمەدحسێن

# پێشانگایەك بۆ هونەری گرافیك

ئەمڕۆكە هونەری گرافیك لەنێو ژانرەكانی تری هونەری جیهانیدا خاوەن پێگە و پانتاییەكی تایبەت بە خۆیەتی ، هەڵبەت ئەم پێگەیەش بۆ بەریەككەوتن و ئەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیە دەگەڕێتەوە كە ئەم هونەرە بەكۆی بوارە جیاوازەكانی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە هەیەتی ، هەر لەڕوانگەی ئەو گرنگییەوە بوو كە سەرلەئێوارەی ڕۆژی "8/14" و ڕۆژانی دوایی لەسەر ئەركی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێشانگایەكی گرافیكی بۆ هەردوو هونەرمەندی ڕۆژهەلاتی كوردستان "ئەحمەدمەشهوری و ژیلا حەسەن پوور"لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی كرایەوە . سەرەتا لەبارەی سەرەتاكانی هونەری گرافیك و ئەو پێشكەوتنانەی كە ئەم هونەرە ئەمڕۆ بەخۆیەوە بینیوە ، هونەرمەند"ئەحمەد مەشهوری"ووتی :"سەرەتا گرافیك بەمانای "رووكاندن" و "هەڵكۆڵین"و"ڕوشاندنەوە "دەهات .لە شێوازە كۆنەكاندا لە ڕێگای شێوەگەلێكی وەك"ڕوكاندنەوە، شێوەكارییان لەسەر بەرد، یان مس ئەكرد و دوای ئەوەی ئەیانخستە سەر كاغەز، پرۆسەی چاپكردنی بەرفراوانیان دەست پێدەكرد كە ناوی لێنرابوو "هێڵكاری خەتیی گرافیك"، هەڵبەت لەگەڵ هاتنی سەردەمی پیشەسازی ئەم هونەرەش زێدەتر گەشەی سەند و لەمڕۆدا گرافیك بەڕادەیەك پەرەی سەندووە كەئیدی شێوازی پێشووی بەرهەمهێنان لەڕێگەی چاپەوە ناتوانرێت وەك ناسنامەیەك بۆ بۆ گرافیك هەڵگری خەسڵەتەكانی ئەم هونەرە بێت، كەچی بەداخەوە لە كۆمەڵگای كوردستاندا هێشتا گرافیك هەر بەهەندێ بەرهەمی چاپی لەقەڵەم دەدرێت".

سەبارەت بەوەی كە ئێمە پێشتر بەریەككەوتنمان هەبووە لەگەڵ هونەرێكی گرافیكی كە ڕەگەزی ئێستاتیكا بالادەست بووە تیایدا نەك هونەرێكی گرافیك كە ئێستا وەك لەم پێشانگەیەدا دەیبینین كە هونەرێكە نزیك لە ڕیكلام و كاروباری بازرگانی و سەبارەت بەوەی كە بۆچی ئەو جۆرە پێشكەوتنانەی كە لەم هونەرەدا ڕوویداوە نەگەشتۆتە ئەم سنورە ، هونەرمەند"ژیلاحەسەن پوور"ووتی:"ئەو جۆرە ئیشكردنانەی كە ئاماژەت بۆ كرد لە كاری هونەری نێو پەیمانگەكاندا بێگومان ئەمانەش كاری هونەری گرافیكە بەلام كۆمەڵە كارێكن كە پەیوەستە بە هونەرمەند خۆیەوە و هونەرمەند بۆ خۆی گرافیكەكانی كێشاون و كاری بەخەڵكەوە نییە كەئایا لێی تێدەگات یان نا، ئەمەش وەك ئاماژەم بۆ كرد بۆ كاتی بەتالی

خەڵکە و زۆرتر بۆ جوانییە بەڵام وەك پێشتریش ئاماژەم بۆکرد لە ئێستادا ئەم هونەرە گەلێك پێشکەوتوتر بووە و وەك وتت لێرە ئەمجۆرە پێشکەوتنە و بەواتایەکی تر ڕووی لایەنی پێشکەوتنی ئەم هونەرەمان نەدیوە .من بۆ پێشکەوتنی ئەم هونەرە لەم سنورەدا پێشنیاری ئەوە دەکەم کە لە نێو پەیمانگەکانی هونەرەجوانەکان و لەنێو کۆلێژەکانی هونەری زانکۆکاندا بەشی گرافیك بکرێتەوە و دابنرێت کە بەلای منەوە کارێکی زۆر پێویستە".

**شۆڕش محەمەد حسێن**

# چاوپێکەوتنێك
# لەگەڵ ڕۆمانوسی ژاپۆنی
# (هارۆکی موراکامی)



سایتی (بوکبراون) بەبۆنەی چاپ وبڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (صفصافة عمیاء، امراة ناعسة) ڕۆماننوسی ژاپۆنی (هارۆکی موراکامی) ، ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ نوسەری ڕۆمانەکەدا ئەنجامداوە وتیایدا نوسەر تیشك دەخاتەسەر گرنگی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ودەرخستنی لایەنێك لەجیهانە داهێنەرانەکەی، بەتایبەتیش ئارەزووی بۆ واقیعیەت، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگی لەسەر هەموو ئەوانەی کە سەرسوڕهێنەرن وترسیشی لەمەترسییەکانی نەزعەی ڕەمزسازی وسوربونیشی لەسەر ئەوەی کە دەبێت لەنوسەرانی دیکە جیاوازبێت، ئەوانەی کە لەژێر سەقفی دوای تازەگەریدا دەنوسن.

***بڵاوبونەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (صفصافه عمیاء، امراه ناعسه ) حەماسێکی گەورەی دا بەرەخنەگران وئەو خوێنەرانەی کە بەپەلە کەوتنە خوێندنەوەی چاپی یەکەمی بە تیراژی 75 هەزار نوسخە کە ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی گەورەیە بۆ چاپی یەکەمی ئەو کتێبە بیانیانەی کە وەرگێردراون بۆ ئینگلیزی، تۆ دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟**

–ئەم کۆمەڵەیە دووەم کۆمەڵە چیرۆکە لەدوای کۆمەڵە چیرۆکی (الفیل یختفی) کە ساڵی 1991 بڵاوکراوەتەوە، کە هەموو ئەو چیرۆکانەی تیادایە لەماوەی ژیانی ئەدەبیمدا نوسیومن و لە گۆڤارە ژاپۆنییەکان وجیهانییەکانی وەك (نیویۆرکر)دا بڵاوکراونەتەوە.

لەماوەی پایز وزستانی پێشوتریشدا چەند چیرۆکێکی دیکەم نوسی بۆ ئەوەی بە تایبەتی لەم کۆمەڵەیەدا بڵاوبێتەوە، چیرۆکی کورتیش گرنگییەکی تایبەتی هەیە بەنیسبەت منەوە، چونکە جۆرێکە لە تاقیگەیەکی ئەزمونی بۆ من وەك ڕۆماننوسێك.

***بەدەرکردنی تاکە ڕۆمانی(الغابە النرویجیە) کارەکانت سیمایەکی فانتازی نزیکتر لەخەیاڵیان هەیە،**

**ئەوە چیە وەهات لێدەکات کە بڕۆیتە ئەم جیهانەوە کە دەتوانین بەجیهانی خەونەکانی وەسفبکەین؟**

—وەك ئێستا وتم، ئەو رۆمانە تاکە کارمە کە بەشێوازێکی واقیعی نوسراوە، ئەمەشم بەدەستانقەست کردووە، بەدڵنیاییەوە ، ویستومە کە بۆخۆمی بسەلمێنم کە لەتوانامدایە رۆمانێکی واقیعی بەشێوەیەکی سەد دەر سەد بنوسم، واشدەزانم ئەم ئەزموونە لەدوایدا خۆی سەلماند کە بەسودە.

ئەو بڕوایەشی تیادا جێگیرکردم کە لەتوانامدایە بەمجۆرە بنوسم، ئەگەر ئەم ئەزمونەش نەبوایە قورسبوو بەردەوام لەکارەکانی دوای ئەودا، بەنیسبەت منیشەوە نوسینی رۆمان وەك ئەوە وایە خەونێك ببینم.

***ئەگەر بەخێرایی سێرچێك بکەین بەناو تۆڕی ئەنتەرنێتدا دەبینین کەسانێکی زۆر لەدەرەوەی ژاپۆن موعجیبی کارەکانی تۆن، هەموشیان سورن لەسەر خوێندنەوەی دواهەمین کاری تۆ، تۆ وەك رۆمانوسێکی ژاپۆنی بۆچی داهێنانە ئەدەبییەکانت بەمشێوە بەهێزە لەلای خوێنەرەکانت دەنگی داوەتەوە؟**

—بڕوام وایە ئەوانەی بەشداری خەونەکانم دەکەن دەتوانن لەخوێندنەوەی کارەکانم چێژببینن، ئەمەش مایەی سەرسوڕمانە، وتویشمە ئەفسانەکان وەك خەزێنەی چیرۆکەکان وەهان، وە ئەگەر لەتوانامدا بێت وەك جۆرە خەزێنەیەك لەسەر ئەو ریتمە مامەڵە بکەم، ئەگەریش ئەو خەزێنەیە متەوازیع بێت ، ئەوا ئەمە دڵخۆشم دەکات.

***ئەو لایەنە رۆشنبیریانە کامانەن کە بڕوات پێدەکات خوێنەری رۆژئاوایی لەرێگای کارەکانتەوە هۆگری بێت؟ئایا هیچ تایەتمەندی دیکە هەن کە حەزبکەیت خوێنەری رۆژئاوایی بیانزانێت بەرلەوەی کتێبەکانت بخوێنێتەوە؟**

—کاتێك دەست دەکەم بەنوسینی کارێکی داهێنەرانە هەموو زانیارییەکی بەردەست بەکاردەهێنم، رەنگە ئەو زانیارییانە ژاپۆنی بن یاخود رۆژئاوایی، من جیاوازی لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا ناکەم، لەتواناشمدا نیە بزانم چۆنێتی بەدەنگەوەهاتنی خوێنەرە رۆژئاواییەکان بزانم بۆ ئەمە، بەڵام لەرۆمانێکدا گەر ئەو چیرۆکەی دەیگێڕیتەوە سەرنج راکێشەربێت ئەواتەنها گرنگ ئەوەیە کە بەردەوامبیت لەگێڕانەوەی هەمووی، وەمن پەیوەستنیم بەجوگرافیای لەندەنی سەدەی هەژدەیەمەوە بەڵام ئەمە بەو مانایەنا کەچێژ لەخوێندنەوەی کارەکانی(چارلز دیکنز) نابینم.

***لەرۆمانەکەتا(کافکا علی الشاطی) پاڵەوانەکە کاتێك گوێ لەگۆرانییەکە دەگرێت دەپرسێت ئایا ئەو ژنەی کە نوسیویەتی ماناکەی دەزانی؟وە کە سایەتیەکی دیکەت دەڵێت(ئەوە هیچ زەرور نیە، چونکە رەمزیەت ومانا دوشتی لێکجیان).هەربۆیە رۆمان وگۆرانی خاڵی لێکچونیان کەمە. ئایا ئەم عیبارەتە تاچەندێك رۆمانەکە دەخاتە روو؟ئایا رەمزەکانیشی ئاماژەن بۆ مانایەکی گەورەتر؟**

—من زۆر لەسەر رەمزییەت نازانم، واشدەردەکەوێت لام کە مەترسییەکی کەم هەیە لەرەمزییەتدا ومن زیاتر هەست بەئاسودەییەکی گەورەتر دەکەم لەگەڵ ئیستیعارە ولێکچوەکاندا، ناشزانم وشەکانی گۆرانییەك مانای چی یان ئەگەر مانایەکیان هەبێت لەمەقامی یەکەمدا، رەنگە ئەوە زور ئاسانتربێت و باشتر تێبگەیت گەر ئەو کەسەی وشەکانی گۆرانییەکەی داناوە لەسەر ریتمی مۆسیقاکە ووتنەوەکەی بێت.

***هەموو کەسایەتییەکانت لەکۆمەڵەچیرۆکی دوهەمدا ولەوانەی پێشوتریشدا رەنگدانەوەی گرنگییەکی راستەقینەن کەهیچ گومانێك هەڵناگرێت لەمۆسیقای جاز ومۆسیقای کلاسیك ومۆسیقای رۆك دا، ئەو پارچە**

**مۆسیقیانە کامانەن کەدەتەوێت بیخەیتە لیستی ژەنینەکانتەوە لەچوارچێوەی بواری مۆسیقی لەکتێبەکانتا؟**

–مۆسیقا بەشێکی دانەبڕاوە لەژیانم، وە کاتێکیش کە ڕۆمانێك دەنوسم بەشێوەیەکی سرۆشتی مۆسیقای تێدێت، تەنانەت کاتێك کەخەریکی نوسینی تازەترین ڕۆمانی خۆم بوم(بعد الظلام) بەدرێژایی ماوەی نوسینەکە پارچە مۆسیقای (خمس نقاط ضوء بعد الظلام)ی (کورتیس فوللر) لەمێشکمدا بوو، مۆسیقاش بەردەوام خەیاڵم چالاکتر دەکات.

وە کاتێکیش دەنوسم گوێ لەچەند پارچە مۆسیقایەك دەگرم بەدەنگێکی کز، بەتایبەتیش کارەکانی باخ وتلیمان.

***وەك نوسەرێك کە پاش وەرگێڕانی کارەکانت خوێنەرێکی زۆرت هەیە ئایا دەتوانیت هەندێك دەربارەی ئەوەی پێی دەوترێت وەرگێڕانی چاك قسەمان بۆبکەیت؟**

–من چەندین کاری ئەدەبی ئەمریکیم وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی ژاپۆنی، بڕواشم وەهایە ئەوەی کە وەرگێڕێکی چاك دروستدەکات لەمەقامی یەکەمدا هەستکردنە بەزمان وخۆشەویستی گەورە بۆ ئەو کارەی کە بەنیازە وەریبگێڕێت، ئەگەر ڕەگەزێك لەم دوو ڕەگەزە ئامادەییان نەبوو ئەوا وەرگێڕانەکە کارێکی بەبەها نابێت.

ئەگەر زۆریش ناچارنەبم ئەوا زۆر بەدەگمەن دووبارە ئەو کتێبانەی خۆم دەخوێندەوە کە بەزمانی ژاپۆنین، بەڵام هەندێك جار دووبارە ئەوانە دەخوێنمەوە کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی ئینگلیزی، لێرەشدا لەو مەسافەیەی کە جیای دەکاتەوە لەدەقە ئەسڵییەکە چێژدەبینم.

و: هێمن مەحمود

سەرچاوە:

سایتی البیان

# 35 پرسیار لە بیکاسۆ



*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ ڕێگە دەدەیت چەند پرسیارێک دەربارەی ژیانی تایبەتیو دیاردە هونەرییەکانی تۆ بکەم.

–بیکاسۆ: بەدڵنیاییەوە خاتوو ڤالاچی... بەڵام من لە ئێوەی ئیتاڵیایی دەترسم کە هەندێ کات پرسیارە سەیروسەرسوڕهێنەرەکانی تۆ، وەڵامدەرەکە گێژ دەکاتو نازانێت چی بڵێت.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ بەتەواوەتی ئاسودەبە هیچ پرسیارێکی ئێمەی ئیتاڵیایی گێژکەرتر نییە لە شێوازی بیرکردنەوەو کۆمپۆزیسۆنی تابلۆکانی تۆ. داوای لێبوردن دەکەم... بەیارمەتی تۆ پرسیاری یەکەمم بە پیرۆزترین وشە دەست پێدەکەم.

–بیکاسۆ: چاوەڕوانم...

*ڤالاچی: ئایا لەژیانی تۆدا هەندێکجار هەبووە کە لە خۆتدا هەستی (عەشق)ت سەبارەت بە کەسێ یا شتێکت کردبێت؟

–بیکاسۆ: مەبەستی تۆ لە بەکارهێنانی وشەی (شتێ) لەم پرسیارەدا چییە؟

*ڤالاچی: مەبەستی من ڕەنگە وشەی (پارە) بێت چونکە لەتەواوی چاپەمەنییەکانی دنیادا

سیمبولێکی تایبەتیان بۆ تۆ دروست کردووە کە لەژیانتدا لەهەمووشتێک زیاتر حەزت لە پارەیە.

—بیکاسۆ: ئایا ئەم حەزە تەنها ئاراستەی لە بیکاسۆیە؟ ئایا تۆ پارەت خۆش ناوێت؟

*ڤالاچی: ڕەنگە پلەی حەزەکان جیاواز بن.

—بیکاسۆ: تۆ ڕۆژنامەنوسێکی نێودەوڵەتیت، پێموایە هەموو ئەم ناوبانگییەی تۆ لەژێر کاریگەری پارەدا بوویێت کە هێندە لەم ڕێگایەدا هەوڵت داوە

*ڤالاچی: ناپەسەندترین تابلۆیەک کە تائەمڕۆ کێشاوتە ناوی چییە؟

—بیکاسۆ: تابلۆیەکە کە من وێنەی خۆمم کێشابوو!

*ڤالاچی: ئایا تۆ بەڕای خۆتان هونەرمەندێکی ناپەسەندیت؟

—بیکاسۆ: نەك تەنها من بەڵکو مایکڵ ئەنجیلۆش ناپەسەندترین هونەرمەندی قۆناغی ڕێنسانس بوو.

*ڤالاچی: بەلام ئەو لە پشت ئەم ناپەسەندییەوە، کۆمەڵە شاکارێکی زۆر جوان و نەمری لەدوای خۆی بەیادگار جێهێشت.

—بیکاسۆ: لەبەرئەمەی کە ئەو بیلمەت بوو.

*ڤالاچی: تۆش بلیمەتیت!

—بیکاسۆ: بەلام بەلوتفی تۆی ڕۆژنامەنوس، بیلمەتێکی شێت!

*ڤالاچی: پێموایە لەبارەی ناوبانگ و ناسراوێتی تۆوە بەهەڵەدا نەچوون، تەنانەت نزیکترین دۆستی تۆ (بریژیت باردۆ)ش لە ناساندنی تۆدا ئەم وشەیە بەکاردەهێنێت.

—بیکاسۆ: پشیلە دڕەندەکان هەندێکجار هەڵبەزو دابەزێك دەکەن کە مرۆڤ دەبێ لێیانببورێت.

*ڤالاچی: ئایا مەبەستی تۆ لەم (ئاڵوگۆڕ)ەی کە لە وێنەکێشاندا هێناوتەئاراو وەک شێرپەنجەیەکی کوشندەو درم زۆرینەی توانستەکانی لەخۆگرتووە، چییە؟

—بیکاسۆ: ئەمە تەنها من نیم کە ئەم شێرپەنجە کوشندەیەم بڵاوکردۆتەوە، بەڵکو بەرلەمن ئەم میکرۆبە درمە هەبووە، تەنها بەهۆی منەوە بەهێز بوو و ناسرا.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ! هەندێکجار وابیرت کردۆتەوە ئەگەر لەدایک نەبوویتایەو بیکاسۆ نەبووایە، بۆ هونەری تەندروستی ئەوروپا بەسودتر بوو؟

—بیکاسۆ: بەپێچەوانەوە بەرلەمن هونەرێکی تەندروست نەبووە.

*ڤالاچی: واتا دەتەوێ بڵێیت کە هونەرمەند نەبووە؟

—بیکاسۆ: کۆمەڵە هونەرمەندێك هەبوون بەلام نەخۆش بوون. هونەر لە حاڵەتی سەرەمەرگی خۆیدا بوو. هونەرمەندانی ڕێنسانس هونەریان لەکۆتاییەکەیەوە دەست پێکردو بە کۆتاییەکیتر کۆتاییان پێهێنا، ئەوان تەنها سەرنجیان لەسەر ڕۆشنکردنەوەی سەدەکەی خۆیان بوو، بەبێ ئەمەی کە بیر لە سەدەکانی ئایندە بکەنەوەو ڕێگایەك — هەرچەندە بچوکیش بوایە— بۆ نەوەکانی ئایندە والابکەنەوە.

*ڤالاچی: ئایا ئەم ڕێگایانە بۆ نمونە (لیۆناردۆ داڤنشی، مایکڵ ئەنجیلۆ و رافائیل) والایان نەکرد؟

—بیکاسۆ: ئایا تۆ حەز دەکەیت منیش ئەمڕۆ رافائیل بوومایە؟

*ڤالاچی: ناڵێم رافائیل بە، بەلام لایەنی کەم پەیڕەویت لە قوتابخانەیەکی ڕەسەنی هونەریی دەکرد!.

—بیکاسۆ: هونەری ڕەسەن لای تۆ، تابلۆ بەناوبانگەکەی (خێزانی پیرۆز)ە کە مایکڵ ئەنجیلۆ کێشاوییەتی؟

*ڤالاچی: نەخێر، بەڕێز بیکاسۆ، چاوەڕوانیکردنی من لە بیلمەتێکی سەدەی بیستەم ئەمە نەبوو کە دەستی هونەر بگرێت و بەرەو هەڵدێرێکی نهێنیئامێز ڕاکێشی بکات کە کەس جورئەتی لێنزیکبوونەوەی نەبێت.

—بیکاسۆ: ئەم جورئەتە دەبێ مرۆڤەکانی سەدەی بیستەم هەیانبێت.

*ڤالاچی: ئایا دەزانیت لەو شارەی کە ئەمڕۆ تۆ نمایشی بەرهەمەکانی خۆت تیادا کردووە لانکەی مەدەنییەتی دنیایە؟ پێتوانییە کە شاری ڕۆما لەگەڵ ئەم بەرهەمانەی تۆدا هەست بەنامۆیی دەکات؟

—بیکاسۆ: خاتوو ڤالاچی... لەبنەڕەتدا مەدەنییەتەکان و شۆڕشەکان هەمیشە لەئاڵوگۆڕەکانەوە هاتۆتەئارا، ڕۆما نەک تەنها لانکەی مەدەنییەتە، بەڵکو ناوەندو بزوێنەری ئاڵوگۆڕەکانی دنیاش بووە. بۆنموونە، ڕێنسانس گۆڕانێکی ڕەها بوو لەمەیدانەکانی هونەری و ئەدەبیاتدا، ڕۆما نەک تەنها لەگەڵ بیکاسۆدا هەست بە نامۆیی ناکات، بەڵکو ئەو لەسەربنەمای غەریزە مێژووییەکەی، میوانداریشی لێدەکات.

*ڤالاچی: تۆ لەزۆرینەی تابلۆکانتدا ڕووخسارو ئەندامی ڕێکوگونجاوی مرۆڤەکان، بوونەوەری سەیروسەرسوڕهێنەرت هێناوەتەئارا، ئایا هەستی ڕەشبینی و یاخود خواربینینی تۆ لەپەراوێزی ئەم دیاردانە لەهەمبەر مرۆڤدا، نیشان نادات؟

—بیکاسۆ: خاتوو ڤالاچی... باش وردبەرەوە کە دەڵێم چی، هەر مرۆڤێک لەخودەوە دیدگاگەلێکی تایبەتی لەهەمبەر ئەو شتەدا هەیە کە لەبەرامبەریدایەو لەسەرهەمان غەریزە دادوەریی دەکات، من تۆ بە گوناهکارو تاوانبار نازانم ئەگەر من بە دێوانە بزانیت، چونکە تێگەیشتنی تۆ بۆ ڕووخساری من و جولانەوەکانی من و شێوازی بیرکردنەوەی من وایە، بەهەمان ئەو کاراکتەرە تایبەتییەی خۆتەوە چوویتەتە ناو کۆمەڵەوە، ڕەنگە لەلای سایکۆلۆژیستێک کەموکوڕیی بێت و یا بەپێچەوانەوە بەیەکێک لە سیفاتە باشەکانی تۆ بژمێردرێت، بەڵام من کاتێ کە بۆ داهێنانی بەرهەمێکی خۆم هەنگاو دەنێم، بزوێنەری من هەستی ڕەشبینی نییە لە ڕووخساری مرۆڤەکانی ئەمڕۆدا، بەڵکو لەهەمبەر شێوازی بیرکردنەوەو بیروباوەڕەکانی مرۆڤەکانی ئەمڕۆیە، ئەو مرۆڤانەی کە متمانەیان بە کەرامەتی مرۆیی خۆیان نییەو لێی بەگومانن تەنانەت لە بوون و خۆشگوزەرانی خودی خۆیشیان. پێشتر تۆ باست لە بوونەوەری سەیروسەرسوڕهێنەر کرد لە بەرهەمەکانی مندا، کە من بەتەواوەتی لەگەڵ تۆدا هاوڕام، تابلۆکانی من ڕەنگدانەوەی مرۆڤەکانی ئەمڕۆ نییە، بەڵکو نیشاندەری هەناوی ئەم بوونەوەرانەیە کە لەگەڵ بوونی تێگەیشتنی خودو لەگەڵ بوونی هۆشیاری خۆیدا بەرەو هەڵەیەکی نامرۆیی بەرەوپێش دەچن.

*ڤالاچی: بەبڕوای تۆ ئایا ئەم دیاردە هونەرییەتان دەتوانێ کە مرۆڤایەتی بەرەو ڕێگایەکی ڕاست ڕێنمایی بکات؟

—بیکاسۆ: داوای لێبوردن دەکەم خاتوو ڤالاچی، دیاردە هونەرییەکانی من ڕیفۆرمکەر نییە بەڵکو ڕەنگدەرەوەیە.

*ڤالاچی: کەواتە هونەری تۆ جولانەوەیەکی لەسەرخۆ و بەرەوپێشەوەیە.

—بیکاسۆ: بەڵام جولانەوەیەکی پێشڤەچوو لەڕێگای شەرافەتی مرۆییدا.

*ڤالاچی: پێموایە تۆ یەکەمین کەسایەتیت کە لە قۆناغی ژیانتاندا کتێب و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر

سەبارەت بە بیبیلۆگرافیاو بەرهەمە هونەرییەکانی تۆ نوسراوە، ئایا خودی تۆ لەم نوسینانە ڕازیت؟

—بیکاسۆ: بەڵام بەداخەوە، هیچ کەس بە نوسینو بەرهەمەکانی خۆی نەیتوانیوە یا نەیویستووە من بەوشێوەیە بناسێنێت کە هەم.

*ڤالاچی: ڕاستو دروست هاوشێوەی ئەو تابلۆیانەی خودی تۆ کە لەگەڵ مۆدێلە ڕەسەنەکەیدا جیاوازییەکی ئاشکرای هەیە.

—بیکاسۆ: بەڵام بەیەك جیاوازی ئەویش ئەوەیە کە من لەناساندنی بەرهەمەکانی خۆمدا هەرگیز بانگەشەی بابەتێکی تایبەتم نەکردووە.

*ڤالاچی: ڕۆژنامەنوسەکان دەیانویست بەڕێز بیکاسۆ بناسێنن، لەبری ئەوە کەسایەتییەک پەیدا بوو کە خودی بیکاسۆ شانازی بە ناسینییەوە نەدەکرد.

—بیکاسۆ: بەڕاستی بەباشی تێیگەیشتوویت!

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ سوپاسی تێڕوانینە باشەکەتان دەکەم ، پێموایە ئەم ڕۆژنامەنوسانە کە لە ناساندنی تۆدا بەهەڵەداچوون، شتێکی ئەوتۆ لە کرۆکی هونەریتان تێنەگەیشتوون.

—بیکاسۆ: ئەگەر هەمان پێشبینی تۆ قبوڵ بکەم، کەواتە هونەرمەندان چ حەزێکیان هەیە؟

*ڤالاچی: ڕەنگە پرۆسیسی ژیانی پڕلە بەسەرهاتی تۆ لەگەڵ ئەم هەموو ڕیسواییە ئاشقانەییەتان بەلای ئێمەی ڕۆژنامەنوسەوە لە هونەرەکەتان دڵگیرتر بووبێت، هەمان بەسەرهات بوو کە قوتابخانەی کوبیزمی هێنایەئارا.

—بیکاسۆ: (پێدەکەنێت) ئەگەر داوا لە تۆ بکەم کە چیتر پرسیار لە من نەکەیت، دڵگران نابیت؟

*ڤالاچی: سەرەڕای ئەوەی کە دڵگران دەبم، زنجیرە پرسیارێکیترم ماوە کە دەبێ تۆ وەڵامیان بدەیتەوە.

—بیکاسۆ: باوەڕ بکە هیچ بەرهەمێکی من تا ئەمڕۆ بەئەندازەی وەڵامی پرسیارەکانی تۆ، ئازاری منی نەداوە.

*ڤالاچی: ئایا یەکەمینجارە کە ئەم دانپێدانانە نەجیبانەیە دەکەیت؟

—بیکاسۆ: واتا چۆن؟

*ڤالاچی: واتا بابەتەکانی تابلۆکانی تۆ هێندە قوڵ نییە کە تۆ بە کۆمپۆزیسیۆنو ڕەنگاوڕەنگەوە، خۆت پێوەماندوو کردووە.

—بیکاسۆ: بەپێچەوانەوە، من لەکاتی کاردا ئەوپەڕی توانا بەکاردەهێنم.

*ڤالاچی: لەکاتی هەڤپەیڤینیشدا کاڵوکرچی لە هزردا.

—بیکاسۆ: ڕەنگە تێگەیشتنی تۆ وابێت.

*ڤالاچی: بەیارمەتی تۆ بەڕێز بیکاسۆ، پرسیارێکیتری خۆم بەمجۆرە دەخەمەڕوو کە تۆ داب‌وخووی زۆر تایبەت بە خۆت هەیە، بۆنمونە لەکاتی وێنەکێشاندا تا خۆت پێ پەتی نەکەیت، لەپشت سێپای وێنەکێشاندا دانانیشیت، ئەم خووە سەر بەکام فەلسەفەی تایبەتە. ڕەنگە جۆرە نەخۆشییەک بێت کە بیلمەتەکان تایبەتیان کردووە بەخۆیان؟

—بیکاسۆ: (پێدەکەنێت) مەڵێ پێ پەتی بەڵکو بڵێ نیوەڕووت.

*ڤالاچی: وادابنێین... نیوەڕووت.

—بیکاسۆ: ئەم کارە یەکێکە لە خووەکانی سەردەمی منداڵیم کە هێشتا لە ئیسپانیا بووم، کاتێ کتێبەکانی قوتابخانەم ڕاڤە دەکرد تا نیوەڕووت نەبوومایە، فێری نەدەبوومو بەزوویی لەبیرم دەچۆوە... ئەمڕۆش ئەگەر ئەم کارە لای تۆ بە فەلسەفە بزانرێت یا بە نەخۆشی، ئەوا کارە هونەرییەکانی خۆمم لێیەوە دەستپێکردووە.

*ڤالاچی: ئایا تاقیت نەکردۆتەوە کە ئەگەر بە جلوبەرگەوە وێنەکێشی بکەیت لە ئەمرۆ باشتر بەرهەمت دەهێنایە ئاراوە؟

–بیکاسۆ: بۆچی تۆ هەمان ئەزموون لەخۆتدا تاقی ناکەیتەوە، رەنگە بەنیوەڕووتی بەشێوەیەکی باشتر لەمرۆ پرسیارەکان بە لۆژیکیانەترو پاکیزەتر لە بەرامبەرەکەت بکەیت؟

*ڤالاچی: بەڵام من بەداخەوە بلیمەت نیم.

–بیکاسۆ: ئەم کارە پێویستی بە بلیمەتی نییە، خوو چ پەسەندکراو بێت و چ ناپەسەند بێت پەیوەندیدار نییە بەم شتگەلانەوە.

*ڤالاچی: بەڵام ناتوانرێ وشەی (خوو) لەم کارە دابنرێت. ئەم جوڵانەوە ئەفسانەییە کە بەشێوەی خوویەکی هونەرمەندانە، هەرلەزووەوە خۆی بەرجەستە کردووە.

–بیکاسۆ: بەهەرشێوەیەک بێت، لەدڵەوە سوپاسگوزاری تۆم کە ئەم رازە نهێنییەی منت ئاشکرا کرد کە پێشتر لەلای خودی خۆشم نادیار بوو.

*ڤالاچی: بەڕێز بیکاسۆ، بەئەندازەی دنیایەک مەمنونو سوپاسگوزارم کە ئامادە بوویت زنجیرە پرسیارێکی من وەڵام بدەیتەوە، ئومێدەوارم لەئایندەیەکی نزیکدا دووبارە یەکتر ببینینەوەو لەسەر میزێک دابنیشینەوە.

**دیداری: ئۆریانا ڤالاچی**

**و: کارزان محەمەد**

**سەرچاوە:**

احمد توکلی، مصاحبه خلاق، انتشارات خجسته، چاپ دوم 1381، ص (114-120).

# سەرکێشییەکانی منداڵێکی ستەمدیدە

## دواهەمین رۆمانی ( ماریۆ فارگاس لوسا )



دواهەمین رۆمانی رۆماننوسی پیرۆیی (ماریۆ فارگاس لوسا) کە بەناونیشانی(سەرکێشییەکانی منداڵێکی ستەمدیدە ) و باسکردنە لە روخسارە جیاوازەکانی خۆشەویستی لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە لەنیوەی دووەمی چەرخی بیستدا جیهان بەخۆیەوە بینی گەیشتە نێو کتێبخانەکان و لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی (فاگوارا)ی ئیسپانیەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە. رۆمانە نوێکەی "لوسا" باس لە چیرۆکێکی خۆشەویستی دەکات کە رووداوەکانی بەدرێژایی بیست ساڵ روودەدەن و دواجار لەگەڵ هەموو دورکەوتنەوەیەک و دوبارە لێکنزیکبونەوەیەکدا نووسەر رووبەرووی ئەو پرسیارە دەکاتەوە کە

بڵێت: روخساری راستەقینەی خۆشەویستی چیە؟!

هەروەك (فارگاس لوسا)ی رۆمانوسیش خۆی ڕایگەیاند رۆمانە نوێکەی بریتییە لە" چیرۆکی خۆشەویستیەك کە چل ساڵ بەردەوام دەبێتو ڕووداوەکانیش لەو شارانەدا ڕوودەدەن کە لەهەمان سەردەمو ساتەوەختدا خودی رۆماننوس تیایدا ژیاوە".لەم ڕۆمانەدا و بە پێچەوانەی ئەو شێوازە باوو پێشینانەی کە باسیان لەم چەمکە کردووە، "ماریۆ فارگاس لوسا" بەشێوازو ستایلێکی نوێ باس لەخۆشەویستی دەکات. لەم رۆمانەدا دوو پاڵەوانی سەرەکی لەئارادایە کە لەپەیوەندییەکی خۆشەویستیدان کە ئەوانیش بریتین لە( ریکاردۆ سوموکور سیۆ) کە لە(لیما) ژیان دەگوزەرێنێت لەگەڵ( لیلی) کە کچێکی چیلیەو لەو پەڕی جوانیدایەو لەناوچەی( میرا فلۆرس) بەیەکتر ئاشنا دەبنو پەیوەندییەکی ئەویندارى لەنێوانیاندا دروست دەبێت. ئەم دوو پاڵەوانەی نێو رۆمانەکە بۆ چەند ساڵێك لەیەکتر دادەبڕێن تا دواترو سەرلەنوێو لەچاوپێکەوتنێکدا کە ژیانیان تاسەر دەگۆڕێت لەپاریسو لەسەروەختی خۆ ئامادەکردن بۆ ڕووداوەکانی مانگی مایۆی ساڵی 1968 بەیەك دەگەنەوە. پاشان ڕووداوەکانی نێو رۆمانەکە دەگوازرێتەوە بۆ شاری لەندەنو ژاپۆنو مەدرید.

بەمجۆرەش(فارگاس لوسا) کە هەنوکە لەتەمەنی(70) ساڵیدایە، لەپاش (ئاهەنگی تیس) کە ساڵی 2000 لەچاپدراو رۆمانی (بەهەشت لەگۆشەنیگای ترەوە) کە ئەمساڵ بڵاوکرایەوە، سەرلەنوێ گەڕایەوە بۆ رۆماننوسین.

کارزان عەلی



## نۆبڵی ئەدەبی ئەمساڵ درایە ئۆرهان پاموك

دوای مشتومڕێکی زۆر وتیشك خستنە سەر پایتەختی وڵاتی سوید بۆ ڕاگەیاندنی خەڵاتەکانی نۆبڵ بۆ ئەمساڵ سەرەنجام دوای ڕاگەیاندنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و فیزیا و ئابوری و کیمیا و پزیشکی، رۆژی پێنج شەممە بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ درایە نوسەری تورکی ئۆرهان پاموك ، ئۆرهان خەڵکی وڵاتی تورکیایەو ڕۆماننوسێکە و خاوەن چەندین بەرهەمی بڵاوکراوەیە و گرنگترین

ڕۆمانیشی بەناوی ( ناوی من سورە) و ڕۆمانەکانیشی بۆ 34 زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە و ساڵی رابردووش لەبارەی مەسەلەی کوشتارەکانی ئەرمەن ئەم نوسەرە حکومەتی تورکیای تاوانبارکرد بە کوشتنی هەزارەها ئەرمەنی کە لە مێژوودا بە جینۆسایدی ئەرمەن ناسراوە و لەو بارەیەوە وبەهۆی ئەو لێدوانانەیەوە پاموک دوچاری چەندین کێشەی یاسایی بۆوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکەوە، وەك پیشەیی هەمیشەییان بۆ خەفەکردنی ئەو جۆرە دەنگانە ڕێگەی دادگایان گرتە بەر بەو پێیەی کە پاموك دژ بە نەژادی تورکەکان لێدوانی داوە و دوای گێرمە و کێشەیەکی زۆر و تێهەڵچوونی ڕێکخراوە مەدەنی و ڕۆشنبیران کە داکۆکییان لە پاموك کرد دۆسیەکەی لە نێو دادگاکانی تورکیا داخرا، هەڵبەت ناکرێت ئەوە بشارینەوە کە ئەم ڕاگەیاندنەی بەخشینی خەڵاتی ئەدەبی ئەمساڵ بە ئۆرهان پاموك لەلایەن ڕۆشنبیرانو نووسەرانی کوردەوە بەگەرمی پێشوازی کراو خۆشی خستە نێو دڵیان چونکە پاموك بەڕاستی یەکێکە لەو نوسەرە بوێرانەی کە توانیویەتی بێ ڕتووش وبەبێ سڵمینەوە پەنجەنوما درێژبکات بۆ ئەو مەسەلانەی کە حکومەتی تورکیای تێدا تاوانبارە و بەمەش هەر نەبێت توانیویەتی ویژدانی خۆی ئاسودە بکات .جێی باسە ساڵی پێشوو ئەم خەڵاتە درایە شانۆکار هارۆڵد پنتەر و ساڵی 2004 درایە شانۆکار و ڕۆماننوس (ئەلفرید یەلینیك و ساڵی 2003درایە ڕۆماننوس (ج.م.کویتزی) و ساڵی 2002درایە ڕۆماننوس (ئەمری کیرتیس) و ساڵی 2001درایە ڕۆماننوس (ف.س.نایبول) و ساڵی2000و 1999و1998ش بەهەمان شێوە درایە سێ ڕۆماننووس ( غاوکسینغیان و گۆنتەرگراس و خۆزیە ساراماگۆ) ساڵی1997درایە شانۆکار داریۆفۆ و ساڵی 1996درایە شاعیر (وسلاوا شیمبۆرسکا) و لە ساڵی 1996ەوە نۆبڵ نەدراوەتە بە شاعیرەکان .

لەنێوان 10ساڵی رابردوودا خەڵاتەکە حەوت جار دراوەتە ڕۆمان و دوو جار دراوەتە شانۆ و جارێکیش دراوەتە شیعر.

ئەمساڵیش بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی چەندین ناو لە ئارادا بوو لەوانە:(فیلیپ روبی)ئەمریکی، (عاموس ئاوزی) ئیسرائیلی، (ئەدۆنیس)ی سوری، (ماریۆ فارگاس یوسا) ی پیرۆیی، (باتریك ساسکند)ی ئەڵمانی ، (هاروکی موراکامی) ژاپۆنی، (ئەغۆتا کریستۆۆ) ی هەنگاری کە بە فەرەنسی دەنوسێت و چەندینی تر.

شۆڕش

